# ڕەشنووسی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن لە هەرێمی کوردستان
# زەمینەی دەسەڵاتێکی تۆقێنەر دروست دەکات!

دیار غەریب
diyar_helmet@yahoo.com

لەم ڕۆژانەدا ڕەشنووسی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندنم بینی کە لە لایەن کۆمیسیۆنی یاسایی پەرلەمانی کوردستانەوە ئاشکرا کراوە و خراوەتە بەردەم پەرلەمانەوە بۆ تاوتوێکردنی و کردنی بە یاسا. لە ڕوانگەی یاساییەوە و بە شێوەیەکی گشتی دەرکرنی هەر یاسایەك و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی یاسا هەنگاوێکی پۆزەتیفە بەرەو سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی یاسا و جێگیرکردنی بنەماکانی کۆمەڵگایەکی دیموکرات، هەربۆیە دەرکردنی ئەم یاسایە دەتوانێت ببێتە هەنگاوێکی باش بۆ پەروەردەکردن و سنووردانان بۆ سەرجەم کۆمەڵگا و بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لە غیابی یاساداخۆیان کۆنترۆڵ ناکەن و پێویستیان بە چاودێری یاسایی هەیە. بەڵام ئەمە ڕێگەی ئەوە ناگرێت کەهەندێ یاسا دەربچن کە وەکو پێویست نەکەونە خزمەتی کۆمەڵگاوە، واتە زۆر جار شیمانەی ئەوە هەیە کە هەندێ یاسا دەربچن و لایەنی نێگەتیفیان لە لایەنی پۆزەتیف زیاتر بێت. هەربۆیە پێویستە کاتێك یاسایەك دەردەچێت هەموولایەنەکانی شرۆڤە بکرێت و پاش دڵنیابوون لەوەی کە بەشێوەیەکی باش دەکەوێتە خزمەتی بەرژەوەندی جەماوەرەوە ئەوکاتە بکرێتە یاسا و دەربکرێت.

ئەزموونی وڵاتە پێشکەوتووەکانیش پێمان دەڵێت کە مەرج نییە پەرلەمان بە تەنها یاسا دەربکات، یاخود ئەوەی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکات و دەیکاتە یاسا ڕاست بێت یاخود هەموو لایەنەکانی شرۆڤە کرا بێت. لەبەر ئەمە زۆر کات کە پەرلەمان دەخوازێت یاسایەك دەربکات، پێش ئەوە ئامادەکاری باشی بۆ دەکات و تێڕوانینی شارەزایان وەردەگرێت و دوای ئەوەی ڕەشنووسیش ئامادە دەکات دەیخاتە پێش چاوی جەماوەر هەتا بە تێبینی و پێشنیارەکانیان یاساکە باشتر دابڕێژن. ئێمەش کە دەمانەوێت هەنگاو بەرەو حوکمی یاسا و کۆمەڵگای دیموکراتی بنێین، پێویستە کە سوود لەم ئەزموون و ڕێبازانە وەربگرین. لەم ڕوانگەیەوە سەیری ڕەشنووسی ئەم یاسایە بکەین ئەوا پێویستە ڕۆشنبیران و یاساناسان بە تێڕوانین و پێشنیارەکانیان لایەنە لاوازەکانی ئەم یاسایە بەهێز بکەن و پەرلەمانی کوردستانیش زۆر پەلە نەکات لە دەرکردنی یاسایەکی وەها گرنگدا.

یاسای دژە تۆقاندن پێویستییەکی ژیانییە و ناتوانین نکۆڵی لەمە بکەین، بەڵام کاتێك ئەم یاسایەش دەردەچێت پێویستە ئێمە هەموو لایەنەکانی هەڵسەنگێنین و سەرپێیانە بڕیاری لەسەر نەدەین. هەموو دەزانین کە هەرچەندە ئەمڕۆ لەبن ناوی شەڕی دژە تیرۆردا جموجۆڵێکی زۆر هەیە، بەڵام هەتا ئێستا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەیتوانیوە پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ تیرۆر و دژە تیرۆر بکات. بۆ نموونە هەتا ئێستا "حماس و حزب الله" لای ئەمریکا و ئیسرائیل بزووتنەوەی تیرۆریستن بەڵام لای گەلی عەرەب و زۆربەی وڵاتانی عەرەب و جیهان بزووتنەوەی سیاسین و نوێنەرایەتی میللەتی خۆیان دەکەن، هەروەها "کۆنگرەی گەلی کوردستان" لای تورکیا و ئەمریکا بزووتنەوەیەکی تیرۆریستە بەڵام لای گەلی کورد بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراتیە. یان لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا بزووتنەوەی کوردی لەباشووری کوردستان یاخی و گێرەشێوێن بوون" بە زمانی ئەمڕۆ تیرۆریست بوون" کەچی لای گەلی کورد بزووتنەوەی ڕزگاری بوو. خاڵی سەرەکیش دەبێتە هۆی ناکۆکی و پێناسەی جیاواز ئەوەیە کە لای زۆربەی گەلان و ئازادیخوازان تەنها تیرۆری تاك و ڕێکخراوە نهێنیەکان تیرۆر نییە بەڵکو پێویستە ئەو دەوڵەتانەی کە یاسا پەیڕەو ناکەن و بنەما دیموکراتیەکان پێشێڵ دەکەن لە چوارچێوەی تیرۆری دەوڵەتدا پێناسە بکرێن، چونکە زۆربەی کات تۆقاندنی دەوڵەت دەبێتە هۆکار و زەمینەی کاری توندوتیژی دەخوڵقێنێ.

واتە تیرۆری دەوڵەتیش هەیە، بەڵام لای زۆربەی دەوڵەتان تەنها تیرۆری تاکو ڕێکخراوە نهێنییەکان یاخود ئەوانەی دژی حکومەتن بە تیرۆر ناوزەد دەکرێن و توندوتیژی سیستەماتیکی دەوڵەت بە تیرۆر ناوزەد ناکەن.

خۆ ئەگەر هەڵسوکەوتە نایاساییەکانی حکومەت و دەسەڵات نەکەوێتە چوارچێوەی تیرۆرەوە و لێپێچینەوەی لەگەڵدا نەکرێت، ئەوکاتە زۆر ئاسانە کە دەسەڵات هەموو مافێك بە خۆی بدات بۆ سەرکوتکردنی دەنگی جودا و ڕکەبەرانی و ئەمەش لە ئەنجامدا نمونەی سەدام و ڕژێمەکەی دەخوڵقێنێ. لەم چوارچێوەیەدا ئەو ڕەشنووسە هەڵسەنگێنین دەبینین کە تەنها پێناسەی ئەو لایەنانەی تیرۆری تێدایە کە لە لایەن کەسێك یاخود گروپ و دەستەیەکەوە ئەنجام دەدرێن. هەرچی لایەنی دەسەڵات و حکومەتە باس ناکرێت، گومانی تێدا نییە ئەمەش لاوازییەکی جددییە لەم ڕەشنووسەدا و دەتوانێت ببێتە پاساو بە دەستی دەسەڵاتەوە هەرچی ناوی ئۆپۆزسیۆنە بیتۆقێنێ و لەبن ناوی پاراستنی بەرژەوەندی گشتیشدا یاسای دژە تۆقاندنیشیان لە بەرامبەر بەکار بهێنێ. ڕەنگە زۆر کەس بڵێن حکومەتی کوردستان کەس ناتۆقێنێ ئەوە باسێکی ترە و ناچمە سەری، بەڵام ئێمە دەبێت یاسا بە گوێرەی پێویستی و ڕاستی بنووسین نەك بە گوێرەی تاك و حکومەت یاسا ڕێکبخەین. لە بەر ئەمە پێشنیار دەکەم کە ئەم یاسایە خاڵێکیتری بۆ زیاد بکرێت لە ماددەی یەکەمدا کە ئاماژە بەوە بکات کە هەر کارێکی نایاسایی کە جەماوەر بترسێنێ و لە لایەنی حکومەت و بەرپرسانیەوە ڕێکخرا بێت بەکاری تۆقاندن دەژمێردرێت و بە گوێرەی یاسای تیرۆر لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.

داواشم لە یاساناس و ڕۆشنبیران و ئەندامانی پەرلەمان ئەوەیە کە ئەم پێشنیارە بکەن بە ڕۆژەڤ و کار بکەن بۆ ئەوەی لەم یاسایەدا جێگیر بکرێت.